# ڕێکخراوی نەرویجی حزب لە ماوەی دوو ڕۆژدا کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی سەرکەوتووانە ئەنجام دا

## ڕیپۆرتاژێك سەبارەت بە کۆنفرانسی پێنجەمی ساڵانەی ڕێکخراوی نەرویجی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

**ئامادەکردنی:**
**جمال محسن**

ڕۆژانی 27و 2005/08/28 لە شاری ئۆسلۆ، پێنجەمین کۆنفرانسی ساڵانەی ڕێکخراوی نەرویجی حزب بەڕێوەچوو. سەرەتا ڕۆژی یەکەم بە سرودی ئینتەرناسیۆناڵو دەقیقەیەك وەستان بۆ ڕێزلێنان لە منصور حکمتو تەواوی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادیو سۆسیالیزم، دەستی پێ کرد. دواتر بەو پێیەی کە زۆربەی ئەندامانی ڕێکخراو ئامادە بوون، لە لایەن کامل ئەحمەدەوە شەرعیەتی کۆنفرانس ڕاگەیەنرا. بە دوای ئەوەدا پەیامی داریوش نیکنام ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی کۆمیتەی نەرویجی حزبی حکمەتست پێشکەش کرا. داریوش لە پەیامەکەیدا ووتی لە کاتێکدا کە داگیرکاری ئەمریکا گەورەترین مەینەتیو نائەمنیو بەدبەختی بۆ کۆمەڵگای عێراقو دانیشتووانەکەی هێناوە وە تیرۆریزمی ئیسلامی باڵی ڕەشی بەسەر کۆمەڵگادا کێشاوە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق تاکە دیاردەی جوانو تروسکایی ئەو کۆمەڵگایەیەو ئەبێ بە هەمووان بەهێزی بکەین. وە تەئکیدی لەوە کردەوە کە کارەکانی کە لە چوارچێوەی وولاتی نەرویجدا ئەبێ بچێتە پێشەوە، ئەبێ لە پەیوەند بە وەزعی حەساسی ئێستای عێراقەوە بێتو وەڵامدەرەوە بێت بە دەروونەخشی حزبو کارو پرۆژەکانی لە ناو عێراقدا. ئەمەو هیوای خواست کە کۆنفرانس لە کۆتایی کارو تەصمیماتەکانیدا، بێتە سەر ئەوەو هەنگاوی جدی بۆ ساڵی ئاینده هەڵبگرێ.

بە دوای ئەوەدا باسی یەکەمی کۆنفرانس دەستی پێ کرد لە لایەن سامان کریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی ڕێکخراوی کوردستان لە ژێر ناوی" دەستوری هەمیشەیی عێراق دژ بە خواستەکانی خەڵکی کوردستانە".

سەرەتا سامان سەبارەت بە دەستوری عێراق ووتی: ".. مەسەلەی ئەصلی خەڵکی عێراقو کوردستان، دەستور نیە، ئەوان کۆسپەکانیان لە بونی داگیرکاری وجەنگی تیرۆریستیو تەقینەوەی ئۆتۆمۆبیلو کوشتاری ڕۆژانەو نەبونی خزمەتگوزاریو برسێتیو نەبونی ئەمنیەتو ئارامیو سەرگوتی ئازادی سیاسی، مۆنۆپۆلکردنی شارەکان لە لایەن میلیشیا حزبیەکانەوە، نەبونی کارەبا وئاوو..... ئەمە کۆسپەکانە و لابردنیان پێویستی بە ڕێکخستنی بزوتنەوەیەکی فراوانی جەماوەری هەیە، لەپیناو کردنە دەرەوەی هێزەکانی ئیحتلالو بینات نانی دەوڵەتێکی عەلمانی وناقەومی... ئەمەریکاو داروەستە کۆنەپەرستەکانی لە ئیسلامی سیاسیو ناسیونالیستی عەرەبو کورد... لە سایەی هەلومەرجێکی ئاواداو لە سایەی دەرگیربونی خەڵکی عێراقو کوردستان بە کۆسپە گەورەکانی خۆیانەوە و لەدرێژەی بەجێگەیاندنی سیاسەتەکانی ئەمەریکاو داروەستەکەی لەعێراقدا، پرۆسەیەکیان هێناوەتە پێش نێویان ناوە دەستور وە دەیانەوێت بەپەنجە مۆری خەڵك ئەمجارە کارەساتو موسیبەتەکانو ڕوداوەکانی دووساڵی ڕابوردو لە تەقینەوەو نائەمنیەتی، لە شەری تائیفیو ترس لە شەری قەومی، لە بەهیزکردنی دواکەوتوترین ئەفکارو فەرهەنگی کۆمەلایەتی، لە بیٚمافی و سەرکوتی ئازادیو لە نەبونیو برسێتی لە ..... بکەنە دەستور، جیاوازییەکە ئەوەیە کە دووساڵە ئەوەی بوە دەستوریکی کاتی بووەو ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسی ناسیونالیزمی کورد دەیانەوێت بیکەنە یاساو دەستوری هەمیشەیی لە ریگای گالتەجارییەکی تری وەك هەلبژاردنەوە کە ناویان لێناوە ریفراندۆم. ئەم پرۆسەیە پێویستە بپێچرێتەوە، و لەلایەن خەڵکی عێراقەوە ڕیگا نەدرێت ئەمجارەیان ئەم کلاوەیان بخریتە سەر." وە سەبارەت بە خەڵکی کوردستانو پەیوەندی ئەوەی

ناونراوه دەستوری هەمیشەیی ووتی :".. له کوردستان دەڵێن مافەکانی خەلکی کوردستان مسۆگەر دەبێت، ئەوه دووسال‌و نیوه فدیرالیەت بوەو ڕەسمی بوه چی بوه؟ کام بەرژەوەندی خەلکی کوردستان لەسایەی ئەم دووساڵەداجێبەجێ بوه؟ دەلین کەرکوك دەگێرینەوه بۆکوردستان‌و ماددەی 58و دەیانەوێت ئەمانه بکەنه مەسەلەی کۆمەڵگا، من دەلێم ئەم دەستورو پرۆسەیەی که لەئارادایه و هەردوو حزبی دەسەلاتداری ناسیونالیستی کورد دەیانەوێت لکاندنی کوردستان بەقەیدو و بەچاوبەستویی خەلك بکەنه واقعیەتی یاسایی‌و دەستوری هەمیشەیی، وه دەیانەوێت خەڵکی کوردستان بخەنه ژێر چنگی دەسەلات‌و حکومەتێکی ئیسلامیەوه، وەبەم پێیه تەواوی مافه سیاسی‌و مەدەنی‌و فەردییەکانی سەرکوت بکەن و وه خەڵکی کوردستان بەدەسەلاتداریتی بەغدا بترسێنن.. ..ئەوان بەرژەوەندییان لەگەل خواست‌و داواکاری خەڵکی کوردستان نیه وبەوتوندی ڕادەوەستن لەدژی. ئەوان باوەڕیان بەوەنیه که خەڵك ئیرادەی خۆی بگرێت‌و بڕیار بدات‌و ئەگەر پێیان بکرێت سەرکوتی دەکەن.. بەلام بەبروای من تاریخی دووسالی رابوردوو وەلامدانەوەیەکی واقعی خەلکی کوردستانه به پرۆسیسیك که دژ به ئاراستەی هەردوو حزبی دەسەلاتدارەوەو بەم پێەیش دژ به پرۆسێسیکه نێو نراوه دەستور... خەلکی کوردستان وتی بەلی بۆ جیابونەوەی کوردستان‌و بەلی بۆ ریفراندۆم، هاته سەر جادەو وتی نا بۆ فەسادی ئیداری و سەرکوت‌و بۆ برسێتی، هاته سەرجادەو وتی بەلی بۆ ئازادی خۆپیشاندان‌و مانگرتن، ... بەلی بۆ سیستەمی تازەی خویندن‌و نا به گالته کردن‌و قاچاخچیتی بەزانستەوه... ئەوان تەقەیان لیکردن بلندگۆکانیان بەزۆر لێسەندن، به قانون قەدەغەی ئازادیان کرد.... یەك ساڵی ڕابورد سالی "نا" وتن بوو بۆ دەسەلاتداریتی ئەحزابی کوردی... ڕێگا هەرئەوەیه ئەم نارەزایەتی یه فراوان بکرێتەوه، رێکخراو بکرێت، سەرتاسەری بکرێتەوه لەکوردستان، وەبەر بەم پرۆسەی دەستوره بگیرێت‌و ڕێگا نەدرێت بچێته پێشەوه..."

سامان کریم له دوایی ووتەکانیدا سەبارەت به بەدیلی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، ووتی: ".. ئەلتەرناتیڤی ئیمه پێچانەوەی ئەم دەستوره هێنانەدی هەلومەرجیکه که خەلکی کوردستان بتوانن ئازادنه دەستوری خۆیان بنوسن، که لەم دەورەیەدا به جیابونەوەی کوردستان‌و پیکهێنانی دەولەتیکی عەلمانی‌و ناقەومی دەبڕیتەوه له ریگای ریفراندۆمێکی گشتی وئازادەوه، ئەمرۆ خەلکی کوردستان ئەگەر بیانەویت روداو کارەساتەکانی رابوردوو دوباره نەبێتەوه خۆیان‌و خەلکی عیراق بەدور رابگرن له قەومپەرستی‌و شەری قەومی، ریگا هەر ئەوەیه، بەر بەم پرۆسەیه بگرن... لەجیاتی ئەوان بزووتنەوەی خۆیان بۆ بەجێگەیاندنی ریفراندۆمیکی ئازادو جیابونەوەی کوردستان بگرنه بەر. لەجیاتی ئەوه بزوتنەوەی خۆیان له پێناو دابینکردنی ئازادییه سیاسیەکان‌و بەرەسمیەت ناسینی وەکو یاسا بەرنه پێشەوه. لەجیاتی ئەوه دژ به فەسادی ئیداری و نەبونی خەدەمات خەبات بکەن‌و به دەنگی بەرزو بلین " ریفراندۆمێکی گشتی‌و ئازاد لەکوردستان پێش دەستور".... حزبی ئیمه لەم مەیدانەدا خەبات دەکات‌و کۆنگرەی ریفراندۆم سەربەخۆیی کوردستان له کوردستاندا بەدیلی ئیمه له پێناو جێخستنی ئەم خواستانەدا..." ئەمەو ئامادەبووانیش به سەرنج‌و پرسیارو پێشنیارەکانیان بەشداریان بەرچاویان کرد.

دوای پشوویەکی کورت، شەماڵ علی باسەکەی خۆی پێشکەش کرد که لەژێر ناوی " پێشهاته تازەکانی وەزعی سیاسی عێراق‌و جێگاو شوێنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق‌و کۆنگرەی ئازادی عێراق" دا بوو.

شەماڵ علی له باسەکەیدا سەبارەت به پێشهاته تازەکانی وەزعی سیاسی عیراق ، سەرەتا سەبارەت به سەرچاوەی ئەصلی هەل‌ومەرجی ئیستای عیراق قسەی کرد وهەل‌ومەرجی کارەساتباری ئەمڕۆی عیراقی وەك بەرەنجامێکی ڕاستەوخۆی جەنگ وداگیرکاری ئەمریکا لێکدایەوه و ئاماژەی به لایەنه جۆربەجۆرەکانی مەرگەساتی ژیانی خەڵکی له عیراق کرد و چەند نموونەی زیندووی له نائەمنی وبرسێتی و نەبوونی خەدامات و نەهامەتی ژیانی خەڵکی له بەغداد و ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عیراق کرد. له درێژەی باسەکەدا هاته سەر مەسەلەی دەستوور و ئەوەی ڕوونکردەوه که شەڕ و کێشه لەسەر دەستوور و ململانێیەك که ئەمڕۆ وەك کێشەی ئەصڵی کۆمەڵگای عیراق دەناسێنرێت له بناغەوه موزەیەفه و ئەم کێشەیه وزەقکردنەوەی له ڕاستیدا بۆ پەردەپۆش کردنی واقعیەتەکانی هەل ومەرجی ئەمڕۆ و کێشه گرنگەکانی وەك

داگیرکاری و جەنگ و ململانێی تیرۆریستی و نەبوونی ئەمنیەتە. هەروا تەئکیدی لە سەر سیاسەتی حزب بۆ زەرووڕەتی بەسیجی جەماوەر لە دەوری فەشەل پێهێنانی ئەم پرۆسەیە و کۆبوونەوە لە دەوری مەنشوری کۆنگرەی ئازادی عیراق کردەوە.
لە بەشێکی تری باسەکەیدا شەماڵ علی جێگاو شوێنی حزبی لە ئاستی عیراق و ناوچەکەدا لێکدایەوە و ئاماژەی بەو هێزە فراوانە جیهانیێیە کرد کە جووڵانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حزبەکەی تەنها بەشێکی بچکۆلەی پێکدەهێنن و ووتی کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و کۆنگرەی ئازادی عیراق لەم جوغرافیایە کە ئێستا بۆتە مەیدانی یەکلاکردنەوەی کێشە وململانێیەکی جیهانی دەتوانن ببنە پێشڕەوی هەموو بەشەریەتی متمدن، هەروا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە سەرەڕای هەموو ئەو هەنگاوانەی کە حزب لە ماوەی چەند ساڵ و مانگی ڕابردوو لە عیراق هەڵیگرتووە هێشتا لە چاو ئەو ئەرکانەی کەوتۆتە سەرشانی و ئەو مەوقعیەتەی کە ڕووداوەکان پێیان بەخشیوە دواکەوتووە و حزب دەبێت بە هەنگاوی گەورە بەرەو گەشەپیدانی خۆی و گۆڕانی بە حیزبێکی سیاسی جەماوەری هەڵبگرێت و تا ئاستی ئەوەی کە ببێتە هێزێکی کاریگەری نێو ڕووداوەکان بەرەو پێش بچێت. هەروا ووتی کە کۆنگرەی ئازادی عیراق دەتوانێت ئامڕازی کۆکردنەوە وڕابەری کردنی هێزی بەشەریەتی متمدن بێت لە ئاستی دنیادا.

دوای تەواوبوونی باسەکانی ڕۆژی یەکەم، سە لە ئێوارەو بە بۆنەی 12 هەمین ساڵیادی دامەزراندنی حزبەوە، ئاهەنگێکی قەشەنگ سازکرا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە دۆستان‌و هاوڕێیانی حزب ئامادەبوون‌و لە خۆشی‌و شادی ئەم یادەدا بەشداریان کرد.
ڕۆژی دووەم لە کاتژمێر 12 ی نیوەڕۆوە ڕۆژی دووەمی ڕەواڵی کۆنفرانس دەستی پێ کرد. کە سەرەتا ڕاپۆرتی یەك ساڵی ڕابردووی کارو هەڵسوڕانی ڕێکخراوی نەرویج بوو کە لە لایەن کامل ئەحمەدەوە پێشەکش کرا. لەگەڵ ئەم باس کردن لە ڕاپۆرتەکەو هەڵسەنگاندنیدا، بە سلاید شۆ وێنەی کارو ڕێپێوان‌و خۆپیشاندانێ کۆبوونەوەو سیمینارەکانی ساڵی پار نیشان ئەدران، کە ئەمەش فەزایەکی زیندوی دابوو بە ڕاپۆرتەکەو کارەکانی کە کۆمیتە ئەنجامی دابوون. بە دوای ئەوەدا ئامادبووان، چ ئەندامانی حزب وە چ میوانەکان بەشداریان کردو ڕەخنەو پێشنیارو سەرجەکانی خۆیان دا. بەشێکی تری دەستوری کۆنفرانس باسێکی فارس محمود بەرپرسی ڕێکخرای دەرەوەی وولاتی حزب بوو لەسەر ئەولەویاتەکانی حزب لە نەرویج. فارس لە قسەکانیدا تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەبێ ئەم دەورەیەی کارمان تەرکیز بکەینە سەر کۆنگرەی ئازادی عێراق کە بەدیلی ئێمەیە بۆ ئەم وەزعە سیاسی‌یە فەوزایەی کە عێراق تیێ کەوتووەو لەمبارەیەوە ئەبێ لە نەرویج هەوڵ بدەین کە چ لە ناو خەڵکی نەرویج‌و کەسایەستی‌یەك سیاسی‌یە ئازادیخوازەکانیانداو چ لە ناو خەڵکی عێراقیدا ئەمە مەسەلەیە بەدەستەوە بگرین‌و حەرەکەتێکی گەورە لە تەواوکاری کارەکانی کۆنگرەدا لە عێراق بخەینە ڕێ. هەروەها باسی لە کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانی کردو وەك یەکێکی تر لەکارە گرنگەکانی حزبی لە نەرویج لەقەڵەم دا. وە یەکێکی تر لە ئەولەویەتەکان ئەوە بوو کە ڕێکخراوی نەریج بتوانێت وەڵامدەرەوەی وەزعی خراپی مالی حزب بێت‌و بۆ دەرکێشانی حزب لە کێشە مالی‌یەکانی هەوڵی جدی بدات تا بتوانێت پرۆژە سیاسی‌یە گەورەکانی لە عێراقدا بەسەرکەوتن بگەیەنێت. وە هاوکات تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە بۆ ئەوەی ئەو کارانەکان بەرینە پێشەوە پێویستمان بە ڕێکخراوێکی مونەزەم‌و حزبی پتەوو میلیتانت ئەبێت کە وەك حزب‌و هەڵسوڕاوانێکی جەسورو لەسەر حەق دەربکەوین.......
بە دوای ئەمەدا، کۆنفرانس چوارچێوەی گشتی باس‌و ئەولەویەتەکانی فارس محمودی پەسەند کرد تا کۆمیتەی ئایندە بتوانێت لەسەر ئەو بنەمایەوە کارو نەخشەو پرۆژەکانی خۆی دابنێت.
لە دوا بڕگەی کۆنفرانسدا، هەڵبژاردن بۆ کۆمیتەی تازە کراو 13 کەس هەڵبژێردران کە بریتی بوون لە: کامل ئەحمەد، بەهار مونزیر، قومری عادل، پەیمان غریب، شیرین محسن، عمر خەتات، شیروان ئیبراهیم، جمال محسن، ئەنوەر نوری،

جبار محسن، سەرکەوت ئەمین، حسن ئەحمەد، وە ڕێبوار سەعید. بەمجۆرەو دوای دوو لرۆژ لە کارو باسی پڕو پڕ، وە بە سرودی ئەنتەرناسیۆناڵو لە شۆڕو شەوقی ئامادەبووانو ئەندامانیدا، کۆنفرانس کۆتایی هات.
لەبارەی کۆنفرانسو کاروبارەکانەوە پرسیارمان لە هەندێ ئەندامو دۆستی حزب کرد، وە هەر یەك ڕای خۆی دا لەبارەیەوە. ***عوسمان مەلا*** کە میوانێکی بەشدار بوو بوو ووتی:" ..بە گشتی کۆنفرانسێکی سەرکەوتوو بوو. هەرچەندە بابەتە باسکراوەکان تا ئاستێك تکراری ڕابردوو، دووپات کردنەوەی هەر هەمان گرفتەو تەگەرە چارەنەکراوەکان بوو،و دیسانەوە بەڵێنو درزشم بۆ چارەسەریان، جۆرێك هیوایەتی دڵخۆشکەری تیا ئەبینرا. لە هەمان کاتدا لە ووتاری سیاسی ڕۆژی یەکەم لەسەر بارودۆخی عێراقو ناوچەکە، ئەو ڕاستی‌یە خۆی ئەنواند کە مەرکەزیی ئەم حزبە تەمێکی سەرگەردانی سیاسیو فکری پێوە دیار بوو. هەروەها جۆرێك خۆکشانەوە لە کۆمۆنیزم بە بیانووی جەماوەری کردنی حزب لە دروشمو تیۆری‌یەکاندا... بەڵام لەسەر یەك کۆمەڵێك کۆمۆنیستی لێبڕاوو شێلگیر لە حزبەدا دەبینرێ کە بۆ داهاتوو جێگای هیوانو ئەتوانین گەش بین! گرفتێکی تر کە من هەستم پێ کرد، لە ڕاستیدا تێکەڵ کردنی ڕێکخستنی ئەندامان بۆ هەڵسوڕان لەگەڵ مناقەشە سیاسی‌یەکان کە پەیوەندیان بە یەکەوە نەبوو، ئەمە وەك ڕەخنەیەك.
من خۆش بینم کە لە داهاتوودا بە پێ داگرتن لەسەر مارکسیزمو سۆسیالیزم وەك تەنیا بەدیلی ڕزگاری بەشەر لەم جەهەنەمەی سەرمایەداری، ئەم حزبە ڕەوتی خۆی بۆ پێشەوە دەباتە پێش بەو مەرجەی پاساوی هەڵەکانو شکستەکانی نەکات."
سەبارەت بەوەی کە یەکێك لە مەسەلە سەرەکی‌یەکانی هەڵسوڕانی حزب لەبواری ژنانو کێشەو مافەکانیاندا بوو، ***پەیمان غەریب*** ووتی:" لە ساڵی رابردوو مەسەلەی ژنان کاریکی ئەوەلی کۆمیتە بوو، لەساڵی رابردوودا کاری زۆر جدیمان کردوو لەوانە (بەشداری کردنمان لە مەراسیمەکانی 8ی مارس، بەشداری راستەوخۆی هەلسوراوانی رێکخراو لە سەر کێشەکانی ژنانی کوردوعەرەب حل کردنی کەم تازۆری کێشەکانیان، پەیوەندیمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەرویجو ........هتد) ئەتوانم بڵێم ئەمە بەشێکە لەوکارانەی کە کراوە ئەمانەش کارێکی دڵخۆش کەر بووە بۆ حزب .
بەرای من دەبێ کۆمیتە بۆساڵی داهاتوو ئەو کارەی کە پێی وایە نەکراوە بیکات و لەو بارەوە خۆی ئامادەی کاری زیاتر بکات ، وە دەوەراتی رۆشنبیری لەسەر توندوتیژی لەسەر ژنان بکاتەوە بۆژنانو سمینارات ڕێك بخات، کۆنفرانسی ئەم ساڵ بە هەر کەمو کوڕی‌یەکی‌یەوە کۆنفرانسێکی سەرکەوتوو بوو.
لە کۆتایی دا پیرۆزبای کونفرانس لە کۆمیتەی نەرویج دەکەم و هیوای سەرکەوتن دەخوازم."
***مەلەکەی عزەتی***، میوانی کۆنفرانس، هەڵسەنگاندنی خۆی سەبارەت بە کۆنفرانس بەمجۆرە ئەڵێ:" بە گشتی کۆنفرانسێکی باش بوو، وەزعیەتی حزبی خستە بەرچاو خەڵکێك کە هاتبوون. باسی کارە باشەکانی کردو بە کارەکانی ڕازی نەبوو... هەر بۆیە ئاسۆیەکی باشی خستە بەردەم کارەکانی ئایندە. مەسئولینی کۆمیتە ئەیانزانی کە کێشەکانیان وە کەموکوڕی‌یەکانیان چی بووە وە خۆ کاندید کردنەوەیان دووبارە بۆ کۆمیتەی ئایندە کۆمەك ئەکات بەوەی کە ئیتر ئەزانن بە جۆرێکی تازەو ڕێگەی تازە بۆ باشبوونی کارەکانیان بگرنە بەر. وجودی ڕابەری لە کۆنفرانس گرنگو بەرچاو بوو، چ بە باسەکانیان، وە چ بە دانانی ئەولەویاتو ئاسۆیەك بۆ کارەکانی ئایندە. کە ئەمەش نیشاندەری ئەوە بوو هەر وەك ووترا کە کۆمیتەی نەرویج یەکێکە لەکۆمیتە باشەکانی حزب، ڕابەریش بۆیان گرنگ بووە کە ئەم کۆمیتەیە بەهێزتر بکەن. خاڵێکی تر ئەوەیە کە ژنانێکی بەرچاو بە خوازیاری خۆیان خۆیان کاندید کر بۆ کۆمیتە کە ئەمەش خاڵێکی پرشنگدارە بە بڕوای من."
لە وەڵامی پرسیارماندا لە ***ئاریان ئەحمەد*** سەبارەت بەوەی کە دوای باسەکانی سامان کریم سەبارەت بە وەزعی کوردستان، ئەبێ ئەو کارانە چی بن کە کۆمیتە لە پێناوەدا بیکەنو کۆنفرانس بیخاتە بەردەمی، ووتی:" .. بە بڕوای من ئەبێ هەرچی زیاتر پەیوەندی بکرێت بە ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکانو لایەنە چەپەکان بۆ ئەوەی کە کۆمەکی ماددیو مەعنەوی بە

حەرەکەتی ئێمە وە خەڵکی کوردستان بکەن لە پێناو ڕاپێچنەبوونەوە بۆ ژێر حوکمێکی ڕەشی ئیسلامیو قەومیو بۆ ئەوەی کوردستان بکرێ بە وولاتێکی سەربەخۆی ناقەومیو عەلمانی..."

سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی کۆنفرانس ڕوومان کردە هەریەك لە عمری خەتات، صباح راجی، بەهار مونزیرو شەهلا ئەمین.

***عمری خەتات***:" لایەنی سیاسیو باسەکانی کۆنفرانس سەرکەوتوو بوو. ئەگەرچی لە پارەوە تا ئێستا وەکو زیادبوونی ئەندام وە زیادکردنی ئەندامانی کۆمیتەوە گۆڕانێکی ئەوتۆ نەبووە، بەڵام لەڕووی تەصمیمگیرییەکانی کۆنفرانسو ئەو کارانەی خستوویەتیە دەستورییەوە سەرکەوتووبوو. ئەمە بەدەر لەوەی کە ئەم ئەولەویەتانە شۆڕو شەوقی زۆری دا بە هاوڕێیان. بە تایبەتی بە تصویب کردنی چوارچێوەی گشتی باسەکەی فارس محمود بۆ ئەولەویەتەکانی ئەم دەورەیە کە هەنگاوێکی جدیو ئیجابی بوو وە هەر ئەمەش ئەتوانێ گوڕێك بدات بە کارەکانی ئایندەمان..."

***بەهار مونزیر*** :".. بەشێکی زۆری کارەکانمان لە بواری ژناندا بوو وە کۆمیتەی نەرویج بە تەواوەتی لەم ساڵەدا لە پشتی کارەکانی ژنان بوو. بە بڕوای من کاری باشمان کردووە کە نموونەکانی لە ڕاپۆرتەکەدا دیار بوو وە بەشێکی زۆری قسەکان لەسەر ژنانو کێشەکانیان بوو.. چونکە ئەم مەسەلەیە حەساسەو لە ئەورووپاش ژنان هەڕەشەیان لێ ئەکرێ، فشاریان لەسەرە......، بەڵام هێشتا کارەکان جێی نیازی خۆمان نییەو ئەتوانین هی زیاتر بکەین. هاوئاهەنگی ئەو ڕەفیقانە لە مەراسمیو پیکیتو ئاکسیۆنەکانو کارەکاندا خاڵێکی ئیجابی بووە..." سەبارەت بە خۆ کاندیدکردنو دەرچوونی 4 ژن بۆ کۆمیتە بەهار ووتی:".. بە گوێرەی ئەو کارانەی کردوومانە، 4 کەس کەمە. من چاوەڕوانی ئەوە بووم کە لانی کەم 6-7 کەس خۆی کاندید بکات چونکە کاری زۆرمان هەیە لەم مەیدانەدا.."

***صباح راجی***:" ...بە شێوەیەکی گشتی کۆنفرانسی 5، هەم لە ڕووی تەداروکاتی بەڕێوەبردنو هەم لە ڕووی ئەو باسانەی کە لەلایەن هاوڕێیان سامان کریمو شەماڵ علی پێشکەش کران کۆنفرانسێکی سەرکەوتوو بوو بە تایبەت کە هەردوو باسەکە لە هەلومەرجی ئەمڕۆی عێراقداو لە ناو سیناریۆی ڕەشی هێزە ڕەشو کۆنەپەرستەکاندا باسی زیندوونو ئەلتەرناتیڤی ڕزگاربوون لە داگیرکاری ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە لایەكو هێزە ئیسلامیو قەومییە کۆنەپەرستەکان لە لایەکی ترەوە بە ڕۆشنی دەدات بە دەستەوە.ئەمە سەرباری ئەوەی کە کۆنفرانس ئەركو کارنامەیەکی جدی چەند لایەنەی بۆ دەورەی داهاتوو کە لەلایەن هاوڕێ فارس محمودەوە چوارچێوە گشتییەکەی باسو دیاریکرا پەسەند کرد. پێم وایە کە ئەگەر کۆمیتەی هەڵبژێردراوو باقی کادرو هەڵسوڕاوانی حزب بە جدیەتو کارامەیی زیاترەوە کارەکان ئەنجام بدەن حزب هەنگاوی گەورەو کاریگەر دەنێ بەرەوپێشەوە لە چوارچێوەی نەرویجدا کە دیارە ئەمەش بۆ خۆی کاریگەری دەبێت لەسەر کارو هەڵسوڕانی حزب بە گشتی.

من لە کۆتاییدا دەستی هاوڕێیانی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی تازە دەگوشمو هیوام وایە کە بە هاوکاری لەگەڵ باقی کادرانو هاڵسوڕاوانی ڕێکخراوی نەرویجدا لە ئاست ئەو ئەركو کارانەدا بین کە لە پێش خۆمان دامانناوە.

***شەهلا ئەمین***: " ئەم کۆنفرانسە بە لای منەوە زۆر سەرکەوتوو بوو چ لە قسەو باسەکانی هاوڕێیان دا وە چ لە جەوی ناو کۆنفرانس. من شەخصی خۆم زۆر مورتاح بووم چونکە پێشر لە لایەنی تردا کارم کردوو هەرگیز ئەم ڕادەیە لە ئازادی ژنو یەکسان مامەڵە کردنەم نەبینیوە. بۆیە ئەوەی لێرە ئیحساسم پێ کرد کە من کەسێکی یەکسانم لەگەڵ هەموو ئەوانەی وەك من هاتوون بەشداری ئەکەنو وە هەستم بە غەریبی نەدەکرد هەرچەندە دەمێکیش نییە پەیوەست بووم بە حزبەوە. بۆیە ئەزانم کە چ سەنگەرێکی عەزیمم هەڵبژاردووە.

وە دواتریش هەر لە پەیوەند بە کۆنفرانسەوە ئەم پرسیارەمان خستە بەردەم کامل ئەحمەد، بەرپرسی کۆمیتەی نەرویج. بە کورتی ئینتباعی خۆت چییە لەسەر کۆنفرانسو باسەکانی، ئەکرێباسی ئەو ئەولەویاتانە بکەیت کە خستیە دەستورییەوە؟

وە تەوەقوعاتت چیە بۆ کۆمیتەی ئایندەو بردنە پێشەوەی ئەو نەخشە کارانەی کە ئەبێ بکرێ لە ئایندەدا؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا، کامل ئەحمەد ووتی:

بە ڕای من کۆنفراس سەرکەوتووبوو هەم لە ڕووی ئەو باسانەی کە هاوڕێیانی ڕابەری حزب پێشکەشیان کرد و هەم لە ڕووی حوزوری ئامادەبووانەوە. دووباس کە لە ئێستادا محوەری سیاسەتی ئەصڵی ئەم دەورەیەی حزبە، دوو باسی سەرەکی کۆنفرانس بوون کە لەسەر مەسەلەی دەستورو ئایندەی کوردستان و مەسەلەی کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و کۆنگرەی ئازادی عێراق بوو کە دەرکێشانی کۆمەڵگایە لەو سیناریۆ ڕەشەی کە ئێستا تیایدایە. وە لەسەر بنەمای ئەم باسانەو ئەولەویاتێك کە لە لایەن ڕێکخراوی دەرەوە خرایە بەردەم کۆنفرانس بۆ کارەکانی ئایندە کۆنفرانس بڕیارێکی پەسەند کرد کە بەشێوەیەکی گشتی چوارچێوەی هەڵسوڕانی کۆمیتەی داهاتووی دیاریکرد. وە ئەو بڕیارە پەسەندکراوە وا بڕیارە کە لە کۆبوونەوەی ئایندەی کۆمیتەدا بڕیاری ڕاستەوخۆیان لێدەربهێنریت و بەرپرسیان بۆ دیاری بکرێت. ئەمەو هەر لە یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتە بە دووای کۆنفراسدا بەرپرسی مەیدانە ئەسڵیەکان دیاریکران کە بریتیە لە کۆنگرەی ئازادی عێراق و دەستپێکردنی کار لەم مەیدانەدا کە خۆم بڕیارە بیانکەم بە هاوکاری ڕێبوار سەعیدو شیروان ئیبراهیم لە ئۆسلۆو جبار محسن لە فریدریکستاد و مەیدانی کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان کە جمال محسن بەرپرسیەتی و مەسەلەی ژنان کە بەهار منزر بەرپرسیەتی و پەیمان غەریبیش لە شاری فریدریکستاد و مەسەلەی ماڵی کە بڕیارە عمری خەتات و قمری عادل بیکەن. سەرەڕای ئەمانەش مەسەلەی کارکردن لە بواری پەنابەریدا وەك یەکێکی تر لە مەیدانە ئەسڵیەکانی کار دیاریکرا. هەموو ئەم مەیدانانەش مەیدانی کۆمەڵایەتی کارکردنن و کۆمیتەی نەرویج دەتوانێت پەلوپۆی خۆی زیاتر بکێشێتە ناو خەڵکەوەو لەوەی کە پێشتر بووە زیاتر جێگای متمانەیان بێت و خۆشەویست تر بێت.

تەوەقوعاتیشم لە کۆمیتەی ئایندە لە ئاستێکی بەرزدایە، بە تایبەتی کە کۆمەڵێك کادری بە تەجروبە بوون بە ئەندامی کۆمیتەو ئەگەر ئەو کارانەی کە لە ئەستۆیاندایە بیکەن و بتوانن بیبەنە پێشەوە ئەوا ئاستی چالاکیەکانی نەرویج چەند بەرابەر دەچێتە پێشەوە. ئەوەش بڵم کە ئێمە پێشتریش موشکلەی نەبوونی بڕیارمان نەبووەو ئەرشیفی کۆمیتە پڕن لە بڕیاری باش، بەڵام کارەکانمان بەندە بەوەی کە ئەو کەسانەی کە ئەم مەیدانانەیان وەرگرتووە چەندێك بە جدی بەشوین کارەکانیاندا دەڕۆن بە تایبەتی زۆرێك لەو هاوڕێیانە کەسانی خۆشەویست و جێگا متمانەی خەڵکن. هەر لێرەشەوە یەکێك لە تەوەقوعەکانی ترم ئەوەیە کە بە هۆی ئەو کارانەمانەوە ئەتوانین زۆربین، چونکە کاری زۆرمان لەپێیە و خەڵك چاوەڕوانی لێمانە.

شایانی ووتنە کە بەدوای تەواوبوونی کۆنفرانسدا، کۆمیتە کۆبوونەوەی خۆی بەستو بەتێکڕای دەنگ کامل ئەحمەد بە بەرپرسی کۆمیتە دیاریکراو باقی پۆستەکانی تریش بەسەر هاوڕێیاندا دابەش کرا.